15ی شوباتی 2016 بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەلوپەلی فریاگوزاری زستانە بەسەر ئاوارەکاندا دابەش دەکات

لەڕێکەوتی 15ی شوباتی 2016، کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر، ماتیاس میتمان، هاوشانی ڕێکخراوی جیهانی بۆ کۆچ و ڕێکخراوە ناحکومیە خۆجێییەکانی کرد لەهەولێر بۆ دابەشکردنی کەلوپەلی بەهاناوەچوون، وەک سۆپای کیرۆزین و داپۆشەری پلاستیکی و بەتانی و خاولی بەسەر نزیکەی 1,300 کەس لە نزیکەی 200 خێزان لەشوێنی جێگیربوونی کاتی لە گەڕنە نزیک هەولێر . پەناگەی ئەوکەسانەیە کە بەهۆی شەڕی دژ بەداعشەوە لە ماڵی خۆیان هەڵکەنراون.

لە چەند مانگی ڕابردوودا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جل و بەرگ و گەرم کەرەوەو کەلوپەلی تری زۆرپێویستی بۆ زیاتر لە 500,000 منداڵی عێراقی دابین کردووە. لەمانگی 12ی ساڵی پارەوە زیاتر لە 1,000 بارهەڵگر نزیکەی 2 ملیۆن کەلوپەلیان بەبەهای 70 ملیۆن دۆلار گواستۆتەوە بەمەبەستی یارمەتیدانی ئەوکەسانەی کاریگەربوون بەهۆی دووبەرەکیەکانەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە گەڵ کەش وهەوای ساردا هەڵبکەن، بەتایبەتی لەباکوری عێراق.

لەکاتی دەست پێکردنی قەیرانەکەوە، خەڵی ئەمەریکا زیاتر لە 603 ملیۆن دۆلاریان بۆکۆمەکەکانی پێویست بۆ پاراستنی ژیان بۆخەڵکی عێراق تەرخان کردووە.

###